# جەلال تاڵەبانی ونوکتەکەی



حەمە رەشید—هۆڵەند
khmkazhouw@wanadoo.nl

رۆژی یەک شەمە 24-04-2005 تەلەفزیۆنی الشرقیة چاوپێکەوتنێکی کرد لەگەل جەلال تاڵەبانی لەکۆتای چاوپێکەوتنەکە نوکتەیەکی فەرموو ,نوکتەکەش سوکایەتی بوو بە خەلکی کورد . ئەمەش نوکتەکەی بوو.
کوردێک لە تەیارەیەک دەبێت پێی دەلێن وا تەیارەکە ئەسوتێ ئەویش جگەرەیەک دا ئەگرسێنێت و دائەنشێت پیان ئەلێت ئەم تەیارەیە ماڵی دەوڵەتە با بسووتێ .

جەلال تاڵەبانی لە گەڵ وتنەوەی نوکتەکە قاقای لێ ئەدا. ئەم نوکتەیە ئەوە ئەگەیەنێت کە کورد بێ مێشکە زۆرە بیر لەوە ناکەتەوە کە تەیارەکە ئەسوتێ خۆشی لەناو ئەچێت .کورد بێ باکە بەرامبەر بە شتوو مەکی دەولەت وە ئاژاوە چیە.
جەلال تاڵەبانی بۆ ئەوەی بینەرانی خەلکی عەرەب رازی کات و خەندە بکاتە سەر لێوەکانیان دڵیان هیچ نەکات نوکتە لەسەر کورد ئەکات بۆیان,بەبێ ئەوەی بزانێت هەمان سیاسەتی گۆر بەگۆری بەعس پیادە ئەکات .
یەکێک لەسیاسەتەکانی حیزبی بەعس ئەوە بوو نوکتە دەرکەن لەسەر کورد بۆ ئەوەی خەلکی عەرەب بەشێوەیەکی خراپ لە خەلکی کورد تێبگەن.
نەمزانی تاڵەبانی حەزی لە نوکتەیە من نوکتەیەکی بۆ ئەکەم,دەلێن تاڵەبانی داوا لە پێشمەرگەکانی ئەکات بیبەن لەگەل خۆیان بۆ شەر تا ئەویش بەشداری بکات ,لەناو سەنگەر دا بە دوربینێکەوە هەر سەر بەرز ئەکاتەوە پێشمەرگەکانی پێی ئەلێن مامە بەس سەر بەرز کەوە لەکاتی سەر بەرز کردنەوەیەکی تر گولەیەک لە تەنیشتێوە گڤە ئەکات مامەش سەر دا ئەگرێتەوەودەلێت بەخوا خەریک بوو کورد رزگاری بێت .